# بەڕاستی ئێوە کە سەردەخرێن وڕزق دەدرێن هەر تەنها بەهۆی لاوازەکانتانەوەیە

لە موسعەبی کوڕی سەعدەوە دەڵێت: سەعد -ڕەزای خوای لێبێت- پێی وابوو کە فەزڵ وپلە وپایەی هەیە بەسەر خەڵکی تردا، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بەڕاستی ئێوە کە سەردەخرێن وڕزق دەدرێن هەر تەنها بەهۆی لاوازەکانتانەوەیە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس -ڕەزای خوای لێبێت- پێی وابوو فەزڵی هەیە بەسەر خەڵکی ترەوە لە لاوازەکان ئەمیش بەهۆی ئازایەتی وسیفەتی تری! بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا سەردەخرێن وڕزقتان پێدەدرێت مەگەر بەهۆی لاوازەکانتانەوە نەبێت بە نزا ونوێژ ودڵسۆزیان، وئەوان زۆرجار دڵسۆزترن لە نزادا وخشوعیان زیاترە لە پەرستندا بەهۆی ئەوەی دڵیان بەتاڵە لە پەیوەست بوون بە ڕازاوەیی ژیانی دونیا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3367